# ئایا خواستی"جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ " زەرورەتی ماوە؟

**خەسرەو سایە** k.saya@ukonline.co.uk

رووخانی رژێمی بەعسو هاتنەپێشەوەی بارودۆخێکی سیاسی نوی لەعیراق، پێکهێنانی دەولەتو بوونی تالەبانی بەسەرۆك کۆمارو وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکان لەحکومەتی تازەی عیراقدا، تادەگات بەشیوە دانپێدانانیك بەدەسەلاتە محلیەکانی یەکیتی وپارتی وداوای فیدرالیزم.. ئەمانە بەگشتی، وانیشان دەدەن کە کیشەی کورد پێشرەوییەکی کردووەو لەمبارەشەوە خواستی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ لەکوردستان، ئیتر هەلومەرجی بابەتی بۆنەماوەتەوە، وەیا لانیکەم بۆماوەیەکیتر چۆتەدواوە.. کەچی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لەکۆنگرەی سیهەمی خۆیدا یەکجاری تر پیداگری خۆی لەسەر خواستی جیابوونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ راگەیاندەوە.. حیکمەتی ئەم هەلویستە چییە، لەکاتیکدا نەحیزبیکی جوداخوازە بەشیوەیەکی گشتی وەنە لەروانگەی نەتەوەو نەتەوە چیتییەوە لەم خواستە دەروانی؟ ئایا خواستی جیابوونەوە مەوزوعیەتی فەوری هەیە بۆ خەلکی کوردستان؟ ئەگەر وەلام ئایە، بناغە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی ئەم خواستە لەئیستادا چییەو بۆچی دەگەریتەوە؟ لەوەلامی ئەم پرسیارانەدا سەرەتا ئاوردانەویەك پیویستە:

### حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقو پیشینەی داکۆکیکردن لەخواستی جیابوونەوە:

یەکەمجار مەنسور حیکمەت، سالی 1995 لەوتاریکدا بەناوی "لەپیناوی داکۆکیکردن لەخواستی سەربەخۆیی کوردستانی عیراقدا" خواستی جیابوونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی هینایە ئاراوەو دواتریش کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق ئەم سیاسەتەی پەسەندکردو لەبەلگەنامەیەکدا وەك هەلویستو ریگاچارەی خۆی بۆ مەسەلەی کورد لەعیراقدا راگەیاند. بەلام پەسەند کردنو بەدەستەوە گرتنی خواستی سەربەخۆیی، لەبنەرەتەوە وەلامیك بوو بەدووگرفتی سەرەکی: یەکەمیان، ناسنامەی دەولەتی عیراق وەك دەولەتیکی قومی عەرەبیو هاوکات لەسەر کاربوونی رژیمی بەعس، ئەو هەلومەرجانەی هینابووە ئاراوە، کەخەلکی کوردستان بەهۆی کوردبوونیانەوە، چ لەبارەی قانونیو مافەوە وەك هاولاتیانی پلە دوو لەبەرامبەر دەولەتو حکومەتی مەرکەزیدا بناسیندرینو هاوکاتیش لەگەل خویناویترین شیوەی زولمو ستەمی نەتەوایەتی بەرەو رووبنەوە. رژیمی بەعس بەمەبەستی سەقامگیرکردنی دەسەلاتی سەرکوتگەری خۆیو داسەپاندنی هەویەتی قەومی-عربی بەسەر خەلکی عیراقداو بەسود وەگرتنی لەدەستورو پیناسەیەك کەبۆ دەولەتی عیراق کرابوو، کەوتە پەلاماردانی خەلکی کوردستانو بەشیوەیەکی سیستماتیك زولمو چەوسانەوەی نەتەوایەتی پەرەپیدا. داسەپاندنی ئەوپەری بیمافی، جەنگو کاولکاری، زیندانو ئیعدامی بەلیشاو، ئەنفالو کوشتنی بەکۆمەل، تا دەگات بە تەرحیلو تەبعیسو تەعریبو خولقاندنی چەندین کارەساتی تراژیدیو نائینسانی..ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەوەی کە کیشەی کورد وەك برینیکی قوولّ لەجەستەی کۆمەلگای عیراقدا هەلکۆلی. ئەم واقعیەتانە فرسەتی ئەوەی دایە دەست بۆرژوا ناسیونالیستی کوردو حیزبەکانی لەوانە پارتیو یەکیتی تاکیشەو دەعوای خۆیان بەخاتری وەرگرتنی ئیمتیازاتیکی ئابووریو سیاسی، لەبەرامبەر دەولەتی مەرکەزیدا، لەسەر حسابی هەبوونی ستەمی نەتەوایەتی، بهیننە ئاراوەو کوردستان بکەنە مەیدانی شەرو پیکدادانیکی نەبراوەی چەکداریو بۆ چەندین دەیە کومەلگای کوردستانو عیراق لەنائارامیو رقەبەریتی قەومیدا رابگرنو سەرەنجام قەلیشتیکی گەوەرەش لەنیوان خەلکی کوردزمانو عەرەب زماندا پیکبیت.

بەلام جەنگی یەکەمی کەنداوو هاتنەکایەوەی "ناوچەکانی دژە فرین"، فاکتۆریکی تری بۆئەو واقعیەتانە زیادکرد، ئەویش سەرگەردانی سیاسی کوردستانو هەلواسرانی پیناسەی مافی سیاسیو ناسنامەی ولاتی بوونی خەلکەکەی بوو. کەبەهۆیەوە کوردستان لەنیو پیناسەکانی دەولەتو پەیوەندییە جیهانییەکاندا، نەخۆی دەولەتیکی بەرەسمیەت ناسراوی نیو دەولەتی بوو وە نەبەشیك بوو لەدەولەتیکی تر، بەلکو بووە ئۆردوگایەکی گەورەی ئاوارەییو چارەنوسی خەلکەکەشی کەوتە دەست چەند حیزبیکی ناسیونالیستی چەکدار، کەبۆ راگرتنی دەسەلاتو نفوزی خۆیانو گیرفانپرکردنیان، کەوتنە شەرو پەلاماردانی چەکداریو رقەبەریتی بەردەوامەوەو بەیەکجاری ژیانی مەدەنیو ئارامی کۆمەلایەتیان خستە ژیر پیوە.. لەسەر بناغەی ئەم واقعیەتانە خواستی سەربەخۆیی کوردستانو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ وەلامیکی واقعیو پیشراوانەبوو بەم گرفتانە. کە دەتوانی کوردستان هەم لەستەمی نەتەوایەتیو بارودۆخەکانی ژیر سایەی دەولەتو حکومەتیکی قەومیو سەرکوتگەر دەرکیشیو هەم کۆتایی بەسەرگەردانیو نادیاری چارەنوسو ئاکامە زیانبارەکانی بهینی. بەلام ئیستاچی؟ خواستی سەربەخۆیی کوردستان بۆ! لەکاتیکدا کەرژیمی بەعس لەسەر کارنەماوەو سەرانی ئەحزابی کوردی بوونەتە کاربەدەست لەدەولەتی تازەی عیراقداو هاوکاتیش سەرگەردانی کوردستان لەپرۆسەی دامەزراندنەوەی دەولەتی تازەدا رووەو ئاستانەیەکیتر ملدەنی؟ لەمبارەوە پیویست دەکات سەرنجیك لەبارودۆخەکانی ئیستای عیراق بدەین.

### بارودۆخەکانی ئیستای عیراقو مەسەلەی کورد:

رووداوەکانی دوای جەنگو رووخانی رژیمی بەعس، تا بوونی تالەبانی بەسەرۆك کۆماری عیراقو پیکهاتنی حکومەتی جەعفەری مەسەلەی کوردو داهاتووی خەلکی کوردستانی بردۆتە نیو هەلومەرجیکی تازەوە. ئەوە دروستە کەلەئارایشتدانەوەی حکومەتو دەسەلاتی ئیستادا حکومەتی بەعس شوینی نەماوەو بەم هۆیەشەوە

خەلکی کوردستان لەروانگەی قانونیو مافەوە ستەمی نەتەوایەتی‌یان لەسەر نەماوە، بەلام جەنگو داگیرکاریو سیناریۆیەکی رەش کەئیستا سەرتاپای کۆمەلگای عیراقی داگرتووە، مەسەلەی کوردو داهاتووی خەلکی کوردستانی لەنیو ئاسۆیەکی نادیارو تاریکدا راگرتووەو سپاردویەتی بەکاریگەری چەند فاکتۆریکی سەلبی تازە. لەپیشیانەوە ناپایەداری حکومەتیك کەئەمریکا بەناوی دیموکراسیو هەلبژاردنەوە لەدەستەو تاقمی قەومیو ئیسلامی پیکیهیناوە، نەك ریگا ناکاتەوە بۆئارامکردنەوەی بارودۆخەکانی ئیستاو چارەسەربوونی کیشەی کورد لەنیوان هیزەکاندا، بەلکو خۆی دەبیتە فاکتۆریك بۆ نائارامیو دریژەکیشانی جەنگو تیرۆریزمو سەرگەردانی‌یەك کەسەرتاپای کۆمەلگای عیراقی داگرتووەو بەم هۆیەشەوە مەسەلەی کوردو ریگاچارەکەی رووەوداهاتوویەکی نادیار راپیچدەکات. پیکهاتنی حکومەتی تالەبانیو جەعفەری لەسەر بناغەی دیفاکتۆی فیدرالیزمو دەسەلاتی ئیسلامی ئەم حکومەتە ناپایەدارو جیگیر رادەگریو ناتوانی بارودۆخەکان کۆنترۆل بکا. بەتایبەتی کەئەم حکومەتە بەرهەمی فشاری ئەمریکایەو لەسەر میزانی هیزە واقعی‌یە پیکهینەرەکانی رانەوەستاوەو درەنگ یازوو لەفولکەی "تەوافقات" و ریکەوتنە دەرونی‌یەکانی دەردەچیو ئیحتمالی هەلایسانی شەرو پیکدادانی ناوخۆ دەکاتە یەك ئیحتمالی واقعی. لەلایەکی‌تریشەوە ناپایەداری ئەم حکومەتە هۆکاریکە بۆ بەشکست کیشانی تەوافقاتو ریکەوتنەکانی نیوان خودی یەکیتیو پارتیو راگرتنی بارودۆخەکانی کوردستان لەنیو دلەراوکیو نائارامیو بارودۆخیکی ناجیگیری بەردەوامدا کەکەس نازانی چ ئاکامو کارەساتیکی بەدواوە دەبیّ. لەمەش زیاتر حکومەتی ئیستا کەلەسەر بناغەی هەویەتی قەومیو ئیسلامی دامەزراوەو لەکاتیکدا کەئیسلامی سیاسی بالادەستی زیاتری پەیداکردووە، بەپویست کۆمەلگای عیراق لەنیو کیشمەکیشی قەومیو ئاینیدا رادەگریو خەلکی کوردستان دووبارە دەخاتەوە بەر دەم ئیحتمالی لەشکرکیشیو شەرو کوشتارو ئاوارەبوونەوەیەکی تر لەلایەن دەسەلاتی مەرکەزی عیراقەوە. هەموو ئەم واقعیەتانەو پرۆسەی ئیلحاقکردنەوەی کوردستانو گیرانەوەی بۆژیر سایەی دەولەتی مەرکەزی بەخاتری وەرگرتنی چەند پۆستیکی وەزارەتو پاراستنی دەسەلاتە محلی‌یەکانی پارتیو یەکیتی، راکیشانی مەسەلەی کوردو داهاتووی خەلکی کوردستانە بۆ نیو سیناریۆی سەرهەلدانەوەی ستەمو زۆری نەتەوایەتیو سەرگەردانی‌یەك کەبەلاو موسیبەتەکانی کەمتر نابی لەسەردەمانی رژیمی بەعس. راستی‌یەکانی ئەم بارودۆخانەو فەزایەك کەپیشهاتوون نەك هەر ریگایان بۆچارەسەری کیشەی کورد نەکردۆتەوەو ئاسانکاریان بەوجودنەهیناوە، بەلکو مەسەلەی کوردو داهاتووی خەلکی کوردستانی بردۆتە بەردەم کیشەو گرفتی تازەوە. کەوایە ئەو گرفتانەچین.

## گرفتەکانی ئیستای خەلکی کوردستانو زەرورەتی خواستی سەربەخۆیی کوردستان:

بارودۆخیك کەلەئیستادا لەعیراق پیکهاتووەو هەروەها سیاسەتیك کەلەونیوەدا ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد پەیرەوی‌یان لیکردووەو دەیکەن، گرفتەکانی وەك ستەمی نەتەوایەتیو سەرگەردانی سیاسی کەچەندین سالە بەرۆکی بەخەلکی کوردستان گرتووە، بەپیویست قالبیکی تازەیان بەخۆوەگرتووە. ئەوەی کەحکومەتی ئیستا ناپایەدارو ناجیگیرەو لەسەر بناغەی هەویەتی قەومی ئیسلامی دامەزراوە، بەناچاری خەلکی کوردستان هەم دەباتەوە نیو گیژاوو سەرگەردانی‌یەکی سەراسەری کەبەسەر خەلکی عیراقدا داسەپیندراوەو هەم ئەوان لەگەل دەورەیەکی تر لەکیشمە کیشو پیکدادانی قەومیو لەشکرکیشی بەرەو رووەدەکاتەوە. هاوکات ئیلحاقی بەزۆرو پەلکیشکردنەوەی کوردستان بۆژیر سایەی ئەم بارودۆخانە بەیەکجاری مافو ئازادی‌یە فەردی‌یەکانی خەلکی کوردستانو چارەسەری کیشەکەیان لەژیرپیدەنیو هاوکاتیش هەلومەرجی دیفاکتۆو سەربەخۆیی‌یەك کەبەکردەوە بەدەستیان هیناوە دەدۆرینن‌و سەرەنجامیش بۆ ماوەیەکی‌تر ژیانو چارەنوسیان دەکەویتەوە ژیر سایەی دەسەلاتو نفوزی چەکداری ئەحزابی ناسونالیستی کوردو مەسەلەی پیکهینانی کۆمەلگایەکی مەدەنیو راوەستاو لەسەر مافو ئازادی‌یەکانی خەلكو بەدورلەچەوسانەوەو پەلاماری قەومی بەمەحال دەسپیری. لەم روانگەیەوە خەلکی کوردستانو داهاتووەکەیان لەئیستادا لەگەل دووگرفتی سەرەکی بەرەو رووە:

یەکەمیان: گرفتیك کە لەئەوزاعی سەرگەردانی سیاسیو سیناریۆیەکی رەش کەلەعیراقدا داسەپاوەو کوردستانو مەسەلەی کوردی بۆپەلکیشکراوە، دەکاتە ئەوەی کەئیستاو داهاتووی خەلکی کوردستان بسپیردری بەکیشمەکیشیکی نەبراوەی قەومیو سەرکوتی دووبارەی مافو ئازادی‌یەکانیان لەسایەی دەسەلاتو کارنامەی رەشی ئیسلامی سیاسی‌دا.

دووەمیشیان: گرفتی مانەوەی خەلکی کوردستان لەژیر سایەی دەسەلاتی ناوچەییو میلیشیای ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو سیاسەتی کایەکردنیان بەژیانو موقەدەراتی خەلکەوەو بەمجۆرەش ریگەگرتنیان لەبردنی کۆمەلگای کوردستان بەرەو دەسەلاتیکی مەدەنی کەبتوانی ئارامیو ئاسوودەیی‌یان بۆ پیکبهینی.

خواستی جیابوونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرەقەومیو غەیرە دینی لەکوردستان لەبنەرەتەوە وەلامە بەم گرفتانەی بەردەم خەلکی کوردستانو دەرکیشانی ژیانی ئیستاو داهاتووی ئەوانە لەگیژاویك کەئەمریکاو ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆقازانجی خۆیان بەسەر خەلکی کوردستانو مەسەلەکەیاندا دایان سەپاندووە. جیابوونەوەو دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی، جگەلەوەی کەکۆمەلگای کوردستانو داهاتووەکەی لەژیردەستی سیاسەتو کارنامەی ئەحزابی قەومیو ئیسلامی سیاسی دەردەکیشیو بۆهەتاهەتایە برینی "کیشەی کورد" لەجەستەی کۆمەلگای عیراقو ناوچەکە پاکدەکاتەوە، هاوکات ریگادەکاتەوە بەدامەزراندنی دەولەتو سەقامگیرکردنی دەسەلاتیك کەمافو ئازادی‌یەکانی خەلکی کوردستان بەفراوانی تییدا بەرکەمال بیو کۆتایی بەدلەراوکیو دەسەلاتی ناوچەیی ئەحزابی میلیشیاو کۆنەپەرستو عەشیرەتی بهینی .. بەم هۆیەوەیە کەخواستی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ لەکوردستان یەك زەرورەتی واقعیو ئەمرۆیی‌یەو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیش داکۆکی لیدەکاو بۆی تیدەکۆشی.